کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 17-6-2007 21:19

## شاعیر (کاوەحسێن) : ڕاگەیاندنەکان زووڵمێکی گەورەیان لیکردووم ... ئامادەکردنی: هاودین

کاوە حسێن شاعیرێك کە بەشیعر هەمیشە دڵەتۆراوەکان ئاشت ئەکاتەوە لەگەڵ ژیان، کاوەحسێن دەستی عەشق دەگری بۆماڵی شیعر، کاوەحسێن ماڵێکە لەخۆشەویستی لەنێو کۆڵانی شیعردا



ناوێکی دیاری نێو ئەدەبیاتی کوردییە بەڵام ناوێکی بزرکراوە لەنێو ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا، خاوەنی چەندەها کۆرییە شیعرییە لەشارەکانی کوردستاندا هەروەها چەندەها خەڵاتی شیعری بەدەست هێناوە. بۆلەنزیکەوە ئاشناکردنی بەخوێنەری کورد رووخسەتی ئەم دیمانەیەمان لیخواست وئەویش بەخۆشەویستییەوە پێشوازی کردین:

پ:کاوەحسێن لەزمانی خۆیەوە چۆن خۆیمان پی ئەناسێنی؟

کاوەحسێن: من ناوم (کاوەحسێن) ە ساڵی (1982) لەشاری کەرکوك لەدایك بووم، سەرجەم پلەکانی خویندنم لەشاری چەمچەماڵ تەواو کردووە،
لەساڵی (1995) وە دەنووسم یەکەم ئەزموونی بڵاوکردنەوەم ساڵی (1999) یە

پ:کاوەبۆشیعری هەڵبژارد؟

کاوەحسێن:تائێستا ئەوپرسیارەی تۆ منیش لەخۆمی دەکەمەوە، نازانم شیعر منی بۆخۆی هەڵبژارد تالەرێگەی منەوە خۆی بنووسێتەوە، یان من دەمەویلەرێگەی شیعرەوە خۆم بنووسمەوە

پ:کاوە وشیعر کامیان لەیەك ترەوەنزیکن؟

کاوەحسێن:ماڵی من لەنێو ماڵی شیعردایە ماڵی شیعریش لەنێو ماڵەکەی مندایە خۆشم نازانم کامان بەر لەوی ترمان نیشتەجیی نێو ئەو ماڵە بووین
بەڵام من هەمیشە خۆم بەخاوەن ماڵ نەزانیوە لەئاستی شیعر هەمیشە میوانێکی رووح سوکە لام ئەگەر بەیانی زوو هاتبی یان درەنگانی شەو دڵم ناردۆتە پێشوازی

پ:دوای گوییبست بوونی شیعرەکانت یان خوێندنەوەی تێسکتەکانی بەرێزتان کاوەحسێن دەبێتە کەسێکی خۆشەویست لە رووحی بیسەروو خوێنەر؟ئەم نهێنی خۆشەویستییە لەکوێدایە؟

کاوەحسێن:بەرلە هەمووشت من مرۆڤێکی سادەم وەك هەرخەڵکێکی سادەی تر، خۆشەویستی خەڵك بۆمن یان بۆشیعرەکانم فەرق ناکا من هەمیشە لەنووسینی شیعرەکانمدا چاوەروانی خۆشەویستیم کردووە چونکە من بۆخۆشەویستی دەنووسمەوە

پ:کاوەحسێن کەسێکی دیار ناوێکی دیار بەڵام هەمیشە وون لەچاوی ڕاگەیاندنەکان، ئەمەیان بۆ؟.

کاوەحسێن:کاوەحسێن قەت وون نیە لەڕاگەیاندنەکان، بەڵام هەمیشە ڕاگەیاندنەکان خۆیان ووندەکەن لەکاوەحسێن

پ:کاوەحسێن دوای تەمەنێك لەنووسین دوای چاوەروانیەکی زۆری عاشقانی شیعری کاوەحسێن کتێبی چاپکراوت نیە؟بۆ؟

کاوەحسێن:من بەنیازی چاپکردنم لەداهاتوودا بەوشێوازەی خۆم دەمەوی؟نەك بەوشێوازەی کە ئەمرۆ هەیە

پ:ئەگەر بپرسین بڵێین شیعرەکانت بۆ هەمیشە لە باسی خۆشەویستی ئەدوی؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 17-6-2007 21:19

کاوەحسێن:پەیامی شیعر لای من گەیاندنی خۆشەویستییە بە هەموو مرۆڤەکانی سەر زەوی

پ:عەشق بەزەقی لەنێو تێکستەکانتدا بەدیاردەکەون؟بەمانایەکی تر عەشق تاچەن ژیانی داگیر کردووی وەك چۆن بەشی زۆری شیعری داگیر کردووی

کاوەحسێن:عەشق هەموو ژیانی داگیر کردووم، ئەگە جارێکی تریش سەر لەنوی لە دایك ببمەوە دیسان بۆ ئەو عەشقە دەژیم کەلەدڵمایە

پ:بەڕای تۆ خوێنەری کورد گەشتۆتە ئەوئاستەی تێکستی باش و خراپ لێك جوودا بکاتەوە؟

کاوەحسێن:بەڕای من ڕاگەیاندنەکان هێندەتێکستی خراپیان لەبەرچاوی خوێنەر جوان کردووە سەریان لەخوێنەری جدی شیعریش شێواندووە

پ:بەڕای تۆ ئەوانەی ئەمڕۆ لە گۆرەپانی ئەدەبیاتدا هەن ناوی چی لیدەنرێت؟

کاوەحسێن:بەڕای من ئەوەی ئەمڕۆ لە گۆرەپانی ئەدەبیاتدا هەیە زۆربەی زۆری خراپ وکرچ وکاڵو بی مانان وئەوەی زیاتریش جیی داخە خاوەن ئەم دەقە ناکاملانە لەلایەن ڕۆژنامەوگۆڤاری بەستەزمانیشەوە تێکستەکەی ناوی لیدەنرێت شیعرو بەخاوەنی تێکستەکەش دەووترێت شاعیر

پ:بەڕای تۆ شاعیری بەتواناو بی توانا تێکستی باش وخراپ، خوێنەروبیسەر دەست نیشانی ئەکات یان ڕاگەیاندنەکان بە کەناڵ ورۆژنامەو سایتەکانیشەوە؟

کاوەحسێن:بەڕای من لە ڕۆژەدا کۆمەڵێکی کەم خوێنەری جدی ماون ئەگینا ئەوی تر هەر ئەوە دەخوێنێتەوە کە بۆی نووسراوە لەرۆژنامەو گۆڤارەکاندا یان تەنیا ئەوە دەبیستێت کە لەکەناڵەکانەوە نیشان ئەدرێت بۆیە دیسانەوە ئەڵێم ڕاگەیاندن بەتایبەت لەبواری شیعردا زوولمێکی زۆری لەبیسەرو خوێنەری شیعریکردووە، چونکە بلاو کردنەوە بلانەکردنەوەی دەقێکی شیعری جوان کەوتۆتە سەر ئەوەی تۆ لەو ڕۆژنامەو گۆڤارە چەن کەس ئەناسێت تا بەدڵی خۆت بۆت دابەزێنێت، گرنگ نیە ناشرین بێت یان نا بەدڵی خۆت ناوەکەت بۆ جوان ئەکرێت، ئەگەر کارمەندیش بیت لەوەدەزگایە ئەوە هەر زۆرباشتروڕۆژ لەدوای ڕۆژ کۆرو چالاکیەکانت بلاو دەکرێتەوە قوربەسەر ئەوەش کە لەچاوی ڕاگەیاندنەکانەوە دوورە با لە هەموو وولاتانی دوونیاش کۆر بکات کام تیڤی ئامادەیە بۆی نیشان بدات،

باجوانترین تێکستی شیعری بنووسێت کام ڕۆژنامەوگۆڤاری جدی بۆی بلاو دەکاتەوە

هۆی تورەی بەڕێزتان لەڕاگەیاندنەکان بۆچی دەگەڕێتەوە؟

کاوەحسێن:من تورەنیم تورەم ئەکەن، ئاخر کەی ڕەوایە تا ئێستا یەك کۆری شیعریم لە نێو کەناڵەکانەوە نەبینرابێت لەکاتێکدا کەسی بەرپرس لە نێو ئەوکەناڵانە دەستخۆشی لی کردووم تەنانەت کۆرەکانم وەك چالاکیەکی 5 دەقیقەیش لە هیچ ڕاگەیاندنێك باسی نەکراوە، بۆیە دەڵێم ڕاگەیاندنەکان زوولمێکی گەورەیان لیکردووم

لە کۆتایدا سوپاس بۆکاتی خۆت کە بە ئێمەت بەخشی

کاوەحسێن:سوپاس بۆ ئێوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.